SBS

# Media Release

5 October 2021




## SBS دەخوازێت ڕای کۆمەڵگا وەربگرێت بۆ یارمەتی دان لە پێکهێنانی داهاتووی خزمەتگووزاریەکانی زمانی ڕادیۆ .SBS

وەک بەشێک لە پابەندی SBS بۆ بەردەوام بوون لە گەشەکردن بۆ بەدی هێنانی پێداویستێکانی ئوسترالیا لە ئەم سەردەمە دا، SBS دەستی کردوە بە پێداچوونەوەی ئاسایی بۆ خزمەتگووزاریکانی زمان کە لە لایەن ڕادیۆ SBS-ە وە پێشکەش دەکرێن، ئەمڕۆ ڕاویژکاری گشتی دەکرێتەوە بۆ بانگەشت کردن ە ڕای خەڵکی سەبارەت بە ڕەشنووسی پێوانەکانی هەڵبژاردن.

پێداچوونەوەی خزمەتگووزاریەکانی زمان لە SBS پرۆسەیەکە کە هەموو پێنج ساڵ جارێک بەرێوە دەچێت، هاوشانی سەرژمێری نیشتمانی، بۆ مسۆگەر کردنی ئەوەی کە خزمەرگووزاریەکانی ڕادیۆی SBS پەرچەدانەوەی کۆمەڵگای ئوستراليا یە کە بە شێوازێکی خێرا دەگۆڕدرێ و هەمە ڕەنگ تر دەبێت. پێوانەکانی هەڵبژاردن هاوشانی ئامارەکانی سەرژمێری (2021 Census) بەکار دەهێنرێن بۆ بڕیاردان لە سەر پێشکەش کردنی خزمەتگووزاری بۆ کامە زمان، هەر وەها بۆ یارمەتیدان لە جۆری پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگووزاریانە، لە پێنج ساڵی داهاتوو دا.

پێداچوونەوەی خزمەتگووزاریەکانی زمان بریتیە لە خزمەتگووزارییە دەنگی و زمانییە کان، بە ڕادیۆ وە، و SBS On Demand، و پۆدکاستەکان و پلاتفۆرمە دجیتاڵیەکانی دیکە.

ئەو ڕاوێژکارییە گشتییە شەش هەفتەییە، کە ئەمڕۆ دەسپێدەکات و ڕۆژی 12ی مانگی نۆڤەمبەر (11) 2021 کۆتایی پێدێت، هەلێکی گرنگە بۆبەشداری کردنی کۆمەڵگاکان لە داهاتووی خزمەتگووزاریەکانی ڕادیۆی SBS و خزمەتگووزاریەکانی تۆڕکە بەگشتی لە بواری زمان و دەنگ دا، لە کاتێکدا کە هەموو ڕایەکان دەخرێنە پێوەرە وە بۆ بڕیاردان لە سەر پێوانەکانی هەڵبژاردنی کۆتایی بۆ بەکارهێنان.

دەیڤید هوا بەرێوبەری بەشی "ناوەڕۆکی دەنگ و زمان" دەڵێت، " SBS توانایەکی نەوازەی هەیە بۆ گەیشتن و پەیوەندی کردن بە گۆمەڵگا هەمەجۆرەکانی ئوستراليا بەرێی خزمەتگووزاریە فرەزمانییەکانییە وە لە چەندین خاڵەوە. بۆ زیاتر لە45 ساڵە ئێمە توانیومانە بەردەوامبین لە گونجاندن لە گەڵ شێوازی پێشکەش کردنی خزمەتگووزای نوێخواز و بە واتا بۆ کۆمەڵگاکان، و ئەمرۆ بە ئەمکارانە هەڵدەستین بە ڕێگەی ڕادیۆ، سەرهێڵ، پۆدکاست و ئاپەکانە وە بە زیاتر لە 60 زمان. ئەم پێداچوونەوەیە یارمەتی بونیادنانی SBSدەکات، لە کاتێک دا کە بە پەرۆشین بۆ پێشوازی لە یادی دامەزراندنی 50 ساڵەمان.

"ڕۆڵی گرنگی SBS بۆ خزمەتگووزاری فرەزمانی نمایش کراوە لە کاتی پەتایی کۆڤید-19 دا، بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری تەندروستی هەرە گرنگ بۆ کۆمەڵگاکان بە زمانەکانی خۆیان. پێداچوونەوەی خزمەتگووزاریەکانی زمان هەلێکی گرنگە بۆ مسۆگەر کردنی بەردەوام بوونمان لە پەرچەدانوەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگاکانی ئوستراليا لە ئەم ڕۆژە دا.

"نوێژەنکردنەوەی خزمەتگووزاریەکانی زمانمان بە بەردەوامی، ڕێدەردەبێت بۆ ئەوەی SBS بتوانێت باشتر خزمەت بگەیێنێت بە کۆمەڵگا گەورەکان کە لە پێشینەی کولتوری و زمانی هەمەجۆرەوە هاتوون، هاوکات بتوانێت خزمەت بگەیێنێت بە ئەو کۆمەڵگایانەی کە نوێن و پێداویستی زۆریان هەیە. بیستنی دەنگ و ڕای بیسەران/خوێنەران/بینەران-مان بەشێکی گرنگی پرۆسەکەیە، و ئێمە هەموو کۆمەڵگاکان هاندەدین لە سەرانسەری ئوستراليا بۆ ئەوەی ڕای خۆیانمان لە گەڵ بەش بکەن."

بڕیارە پێوانەکانی هەڵبژاردن لە مانگی مایسی (5) 2022 کۆتایی بکرێت، و خزمەتگووزاریە پێواداچووەکانی زمانی SBS لە پێش کۆتایی ساڵی 2022 پەسەند دەکرێن.

ماوەی ڕاوێژکاری گشتی بۆ پێوانەکانی هەڵبژاردن لە5 ی ئۆکتۆبەروە هەتاکوو 12ی نۆڤەمبەری 2021 کراوە دەبێت. بۆ دیتنی ڕەشنووسی پێوانەکانی هەڵبژاردن و پێشکەشکردنی ڕای خۆت بچۆ بۆ .sbs.com.au/consultation

کۆتایی

بۆ زانیاری زیاتر و داواکاری چاوپێکەوتن پەیوەندی بکە بە: کەیت ورنۆک-
0419 316 135 | Kate Warnock | kate.warnock@sbs.com.au